**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# پێویستە تاوانبارانی ئەنفال له شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکانیان لە کوردستان سزا بدرێن

له پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانباران غەدرێکی گەورە لە کورد کرا , بە تایبەت لە قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال و بارزانی و فەیلی ... , ئیعدامکردنی یەك لە دوای یەکی تاوانباران , دەربازبوونیان به بێ دادگاییکردنیان لە پای هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوه , گەورەترین تاوانە دەرهەق بە دۆسیەکان کورد دەکرێت لە دادگادا , دوا تاوانیش کە لە هەمووی مەزنترە , ئەوەیە دەوڵەتی عێراق تاوانبار نەکرێت بە داڕێژەر و ئەنجامدەری ژینۆسایدکردنی گەلی کورد .

له ئێستادا ئێمە داوا لەجەماوەری کوردستان و حکومەت و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان دەکەین :

- ڕێگە نەدەن بەهیچ جۆرێك سزا لەسەر هیچ تاوانکارێك کەمبکرێتەوە , هەر هەوڵێك لە لایەن هەر کەس و لایەنێکەوە ئەنجامبدرێت پێویستە ڕسواو شەرمەزار بکرێت .
- تاوانکاران لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکانیان بە ئامادەبوونی کەس و کاری قوربانیان سزا بدرێن , هەر لەو شوێنە مۆنمێنتی تاوانکاران درووست بکرێت , پێویستە عەلی حەسەن مەجید بۆ هەڵەبجە و تاوانکارانی دیکە لە سەربازگەی دوبس و قۆڕەتوو و نوگرەسەلمان ...یاخود هەر جێگەیەك پسپۆرانی کورد , ئەوانەی لەو بوارە پسپۆڕن بە باشی دەزانن دیاری بکەن .
- ڕۆژی سزادانەکان لەسەرتاسەری جیهان لە لایەن کوردەوە هەردوو دروشمی "تاوانکاران سزای ڕەوای خۆیان وەرگرت" ، و "دەوڵەتی عێراق داڕێژەر و پیادەکەری ژینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردە" بەرزبکرێتەوە.
- هەر لەو چرکە ساتەوەی بڕیاری دادگا دەردەچێت , پێویستە لە ژێر درووشمی " ئەنفال هۆلۆکۆستی کوردە " دەست بکرێت بە هەڵمەتی جەماوەری گشتی بۆ ناچارکردنی حکوومەتی عێراق کە داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات .

**ناوەندی چاك**

**2007–4–10**